زانكۆی سەلاحەدین-هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# هێما لە شعرەکانی(سەباح رەنجدەر)دا

**پرۆژەی دەرچوونە**

پێشکەشە بە بەشی (زمانی و ئەدەبی کوردی)کراوە وەک بەشێک لەپێداویستیەکانی بە دەستهێنانی بروانامەی بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردی.

ئامادەکراوە لەلایەن:

**رەحیمە حمد اسماعیل**

بەسەرپەرشتی:

**پ.د.محمد بكر**

نیسانی 2024

پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشت

ئەم توێژینەوە بە سەرپەرشتی من ئامادەکراوە و نووسراوە و نێردراوە وەك

پێویستیەك بۆ وەرگرتنی بروانامەی بە کالۆریۆس لە پسپۆری زمان و ئەدەبی کوردی. من پشتگیری دەکەم و ڕازیم، کە بەم شێوەیەی ئیستا پێشکەش بە لێژنەی گفتوگۆ و هەلسانگاندن بکرێت.

واژوو: 

ناو:   پ.د.محمد بکر محمد

ڕێککەوت: 2024/4/5

## پێشکەش بە

- دایک و باوکی لە دڵ ئازیز و یەکەم فێرگەی ژیانم .
- سەرجەم ئەو مامۆستایانەی لە ڕێگای خوێندندا ئاشنایان بوو .
- بە مامۆستای سەرپەرشتیاری توێژینەوەکەم کە هاوکاری زۆری کردم .

## سوپاس و پێزانین

- ❖ سوپاس و ستایشی بێ پایان بۆ خودای گەورە کە تەمەنی پێ بەخشیم تا بگەم بەم ڕۆژە .
- ❖ زۆر سوپاس  بۆ براکانم کە هاو خەم و یارمەتی دەر و پاڵپشت بوون .
- ❖ بۆ مامۆستای سەرپەرشتارم ( )کە زۆر هاوکار بوو بۆم .
- ❖ بۆ سەرجەم مامۆستایان و فەرمانبەرانی بەشی کوردی کۆلێژی پەروەردە کەوا دەرفەتیان بۆ ڕەخساندم و هاوکارم بوون لەم کاروانەی خوێندنم لە زانکۆ .
- ❖ ڕێز و سوپاس بێ پایانم بۆ هەموو ئەو ماموستایانەی کوا فێریان کردووم و ماموستام بوون لە کاروانی خوێندنم ، بۆ هەموو ئەو کەسانەش گەر بەتاکە و شتێکیش هاوکارین کردووم.

پوختە:
هێما ڕەگەزێکی گرنگی بنیاتی واتایی هەر دەقیکی دیبە کە بە هۆکاری جۆراوجۆر شاعیران پەنایینە بۆ دەبەن ، بۆیە بە پیویستمان زانی ئەم تویژینەوەیە بە ناونیشانی (هێما لە شعرەکانی سەباح ڕەنجدەر)دا ئامادە بکەین تا بزانینن ئەم شاعیر هەتا چ ڕادەیەک هێمای لە شعرەکانیدا بەکارهێناوە چ جۆریک هێمای پەتر لەو شاعیراندا ڕەنگ دەداتەوە. لە ئەنجامدا بۆمان دەردەکەویت کە (ڕەنجدەر ) بە شیوەیەکی بەرچاو هێمای لە شعرەکانیدا بەرجەستە کردوە بە تایبەتی( هێمای میژوویی،ئاینی،نەتەوەیی،ئەفسانەیی) کە بۆ هەر جۆریکیان نموونیەکمان هێناوەتەوە شیکردۆتەوە.

ملخص
: تعتبر الرموز جنساً مهماً من البنية الدلالية لأي نص يلجأ إليه الشعراء لأسباب مختلفة، لذلك ارتأينا ضرورة إعداد هذا البحث بعنوان (الرموز في أشعار صباح رانجدار) لمعرفة مدى استخدام هذا الشاعر لأي نوع من الرموز في قصائده يتجلى ذلك في هؤلاء الشعراء . ونتيجة لذلك يمكننا أن نرى أن رانجدار قد عكس الرموز بشكل كبير في قصائده، وخاصة (الرموز التاريخية والدينية والوطنية والأسطورية) لكل نوع من الأمثلة التي قدمناها وحللناها.

Summary :
Symbols are an important genre of semantic structure of any text that poets resort to for various reasons, so we thought it necessary to prepare this research entitled (Symbols in the poems of Sabah Ranjdar) to see how much this poet May used what kind of symbols in his poems It is reflected in these poets. As a result, we can see that Ranjdar has significantly reflected symbols in his poems, especially (historical, religious, national, mythological symbols) for each type of example we have given and analyzed.

# پێرست


| لاپەڕە | بابەت |
| --- | --- |
| 1 | پێشەکی |
| 1 | بەشی یەکەم |
| 1-1 | هێما و بنەماکانی |
| 1-1 | زاراوەی هێما |
| 2-1-1 | چەمک و پێناسەکانی هێما |
| 2-1 | جۆرەکانی هێما |
| 1-2-1 | هێمای مێژوویی |
| 2-2-1 | هیمای ئاینی |
| 3-2-1 | هێمای نەتەوەیی |
| 4-2-1 | هێمای ئەفسانەیی |
| 3-1 | ئەرک و گرینگی هێما |
| 1-2 | بەشی دووەم<br>جۆرەکانی هێما لە شعیرەکانی (سەباح رەنجدەر)دا |
| 2-2 | هێمای مێژوویی |
| 3-2 | هێمای ئاینی |
| 4-2 | هێمای نەتەوەیی |
|  | هێمای ئەفسانەیی |
|  | ئەنجام |
|  | سەرچاوە |

## پێشەکی

**ناونیشانی توێژینەوەکە:**

**بریتیە لە (هێما لە شیعرەکانی سەباح رەنجدەر )**

**ڕێبازی توێژینەوەکە:**

**ڕێبازێکی وەسفی و شیکارییە**

**کێشەی توێژینەوەکە:**

**ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ وەلامدانەوەی ئەم پرسیارانی خوارەوە:**

1. **ئایا شاعیر (سەباح رەنجدەر) تا چ ڕادەیەک هێمای بەکارهێناوە.**
2. **شاعیر چ جۆرە هێمایەکی بەکارهێناوە زیاتر گرینگی بە کامە هێماداوە .**

**ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:**

**ئەم توێژینەوەیە جگە لە پیشەکی و ئەنجام لە دوو بەش پێکهاتووە بەشی یەکەم کە بەشێکی تیورییە کە ئەم ناونیشانانە لە خۆ دوگرێت (زاراوەی هێما،چەمک و پێناسی هیما،جۆرەکانی هێما،ئەرک و گرینگی هێما)هەرچی بەشی دووەم بەشیکی پراکتیکیە و تایبەتە بە جۆرەکانی هێما لە شعیرەکانی(سەباح رەنجدەر)دا کۆتایشدا لیستی سەرچەوەکان پوختە لە خۆدەگرێت.**

## بەشی یەکەم: هێماو ڕەهەندەکانی

### 1-1-  هێماو بنەماکانی

#### 1-1-1-زاراوەکانی هێما

بەکارهێنانی هێما ڕەگ و ریشەیەکی دێرینی لە نیو زتنستە مرۆیەکان دا هەیە رۆلێکی گرنگی لە بنیاتنان و جواناسی شعر هەیە هەروەها میژوویکی کۆنی هەیە و دەگەرێتەوە بۆ سەردەمە کۆنەکان و هەر لە سەرتای شارستانیەتی مرۆڤەوە وەک شێوازێکی دەربرین بەکارهاتوو ئەم جەمکە لە ئەدەب و هونەریشی جێگای خۆی کردۆتەوە هەروەها دەبینین لای هەر نەتەوەیەک بە گەلێک شیوازی هەمە جۆر خراووتەروو بۆ نموونە((هێما یەکیکە لەو زاراوانەی لە ژێر کاریگەری زمانی عەرەبی زۆرجاریش (سمبۆڵ)لە ژێر کاریگەری زمانی بێگانە بەتایبەتی لە ریگای زمانی ئینگلیزی هاتۆتە نیو زمانی کوردی و لە بواری ئەدەب بەگەشتی لە ئەدەبی هاوچەرخ بە تایبەتی زۆربەکار هاتون)) (حەمەد/2/2002) کەواتە زاراوەی هێما لە ریگەی زمانی عەرەب و بیگانە هاتووتە نیو ئەدەبی کوردی و ڕەگی داوەتەوە ((هێما لە بنچینەدا لە زاراوی (سمبۆڵ-symbol) لەکاری یۆنانی وەریگیراو ، واتا هاوبەشی دوو شتی لەیەک ڕێرەودا وەیەکبونیان ئەم دوو شتەش: ڕەمەز واتاکەیەتی ناوەکەشی واتا نیشان یان درووشم یان ئیشارت))(حەمەد /2/2002) زاراوەی هێما یەکێکە لە زاراوانەی کە بە پەردی لێک داپۆشراو بە خویندنەوە ،وردبونەوە لێی لێلیەکان روون دەبێتەوە ، بیرورای هەمە چەشن و جیاواز لە خۆگەرتوە هێما کە زیاتر لە واتایەک لە خۆدەگرێت واتا دوو واتا یان زیاتر لە وشەیەکدا کۆ دەبێتەوە یاخوت بەشداری دەکات. کەواتا واتاکەیان ئاشکرای و واتایەکیان شاراوەیە ئەوەی لێردا گرینگە ئاماژەی پێ بکەین ئەوەی. کە زاراوەی هێما (sympol) لە زۆربەی زمانە جیهانیەکان گرینگی پێ دەدرین و بەکار دەهێنرێت دەکری بوترێ بۆ ئەوەی زاراوەیەکی جیهانی

له ئەدەبەکانیاندا رەنگی داوەتەوەله زمانی کوردیش له پال زاراوەی هێما (رەمزو) و (نیشانه) بەکارهێنراوە (( هەروا وشی (جەفنگ)یش لەی هەندێک له شاعیران وەک (جگەر خوین و رووانگەیەکان) بەدی دەکرێ پێ بەلام وەک زاراوە زۆر دەگمەن بەکارهاتوو)) (حەمەد:2002: 4) هەروها حەلائەدین سەجاد له کتێبی (نرخشناسی) جگه له (رەمز و جەفەنگ) وشەیەکی تر بەکار دەهێنیت که ئەوینی (گۆشه) یه دەلیت ((گۆشه له کوردی یدا به روو گوزارە هاتوە یەکێ به واتای (سوچ) وەک و ئەلی له گۆشەیەکەوە داینی یەکیەکی تر به واتای هێما و ئیشارت وەک ئەلی بەگوشەوە پیی ئەلی لێرەدا (گۆشه) بۆ هێمای بەکاردێن هەروها له زمانی کوردیدا وشەی (جەفەنگمان) هەر بۆ رەمز بەکارهێناوە))(سەجاد:1965: 202)هەروها له زمانی فارسیشدا زاراوەی ((رەمز یان سیمبول یان (نماد) بەکاردەهێنریت هەر له سەرتا له پال رەمز و ئیشارت بەکارهێنراوە.))(حەمەد:2002: 4)

## 2-1-1 چەمک وپێناسەکانی هێما

مێژووی هێما مێژووەیکی دوورو درێژی هەیە ((بنج و بناواکەشی بۆ زانستی لاهۆتی (theology) دەگریتەوە لەگەل (creed-دەستورو یاوەری مەسیحیەت)هاو واتای هەر له سەرتاوە به گەشتی له دروشمی ئاینی و هونەرە جوانەکان و به تایبەت له شیعر دا بەکارهاتوە . تا ئیستاش له بانتایی واتاسازی و بیرکاری و لۆژیکدا به هاو نرخیکی هێما گەلی هەیە)) (محمود:2009: 188) واتا به درێژای مێژوو مرۆڤ هێمای بەکارهێناوە بۆ گوزارشتکردنی له شتەکان دەوروبەری ئەویشی به پیتی ریککە وتنی نیوان خۆیان هەروها له فەرهەنگی (وبستەر-webe ster)یشی ، بەوە دیارکراوە ((ئەوەی ئاماژە بەشتیکی تر یا واتایەکی تر دەکات ، بەهۆی بونی پەیوەندی

نیوانیان))(حەمەد:2002: 7) هەروەها (گۆتە-gothe)ی شاعیری ئەلمانی لە پێشەنگەکانی کە جەمکی هێمای بەشیوەیەکی ئەدەبی و نوی لە سالی (1897)لە ئاکامی سەردانیکی بۆ (فرانکفۆرت)بەوە دیاری کراوە((کاتێ خۆد لەگەل بابەت تێکەل دەبێت ، (هێما) دەدرەوشیتەوە کە تیدا پەیوەندی مرۆڤ بەشت دەنوێنیی، هەروەها پەیوەندی هونەرمەند بەسروشت، بەمەش گونجانیکی قوڵ لە نیوان یاساکانی ویژدانی و سروشتی دەهێنیتەدی))(حەمەد:2002: 8) هێما بۆ زۆر یاری جۆراوجۆر بەکاردەهێنریت لەوانە((لەوانە بۆ شاردنەوەی بیری نوسەر لە دەسەلاتداران یان جەواشکردنی دەورویە جونک هەندیک جار نوسەر ناتوانی راستەوخۆ بیرورایی خۆی بەخوینەر رابگەیەنێت جا ئەگەر هۆیەکەی رامیاری بێ یان کۆمەلایەتی یان ئاینی..هتد))(احمد:2000: 7) هەندیکجاریش هێما ((بۆختوکەدانی مێشکی خوینەر بە سەلیقە و تێگەیشتنی خۆی بگاتە ئامانج ، کە لەوانی جەندین لێکدانەوەی لۆجیکیانە هەلێگری ئەوەتە یەکێک لە رەخنەگرەکان دەلێت(بیست یان بیست و پینج لێکدانەوەی ماقولم دەرباری رۆمانی (دادگا)و (قەلا) کە هیچیان لەگەل ئەوەکەی ترین کۆک نین))(احمد:2000: 7) لە راستیدا دەتوانین بلین لە شەستەکانەوە هێما لە چیرۆکی کوردی یدا بەکارهێنراوە بەر لەو مێژوەش بەرهەمەکان کەمن و هێماکان ساکارن.ئەگەر گەشتیک بەناو کتێبە کۆن و نوییەکان بکەین بۆ ئەوەی زاراوەی هێمامان بۆ روون ببێتەوە زۆرشتی جیاواز و دوور لە یەکترمان بۆ روون دەبێتەوە رەنگە هەندێکیان لە واتایی خۆی نزیکمان بکاتەوە هەندێکی تریش بتر دوورمان بخاتەوە.

ئەگەر ئیستا بمانەویت پێناسەیەکی وردو هەمە لایەن بۆ هێما بکەین (هێما) بکەین لە واتەبەرووبەرودی ئالۆزیەکی یەکجاری زۆر ببیتەوە . رەنگە(ئەرستۆ)یەکەم کەسبی لەسەر ئاستی زمان لەم وشەیە دوابێت و دەلێت((وشەی هێما واتاشی هەست پێکراوە پاشان ئەپستراکات کە پەیوەندی بە پلەیەکی بەرزەوە هەیە لە پلەی

هەستێ))(احمد:2000: 8) بەم شیوەیە (محەمەد مەحویی)بەم شیوەیە پێناسەی هێما دەکات لە کتێبی (زانستی هێما) دەلێت((هێما برییتیە لە دەربرینی واتایەک بە دەنگ بەم بییە دەنگ لە زمانی مرۆڤدا کراوە بە هێما و دیوەکانی هێماش ریزە دەنگێکی بیستەیی (لەیارە بۆبیستن)))(مەحویی:2008: 65) لێردا (محەمەد مەحویی)ئاماژەیەوە دەکات کە هەر دەنگێک ئاماژەیە هێمایەک دەکات ئەمەش بەپییی ریکەوتنی نیوان کۆمەل دەبێت کە ئەو دەنگە بە چ هێمایەک بەکار دەهێنریت.

هەروەها دەلێت((نیشانە یان هێما هەموو ئەوشتانە دەگرێتەوە کە لە بری شتیکی دیکە دادەنرێت سەرنج بۆ ئەوشتانە رادەکیشن کە خۆیان نین))(مەحویی:2008: 29) لێردا (د.محەمەد مەحویی) هێمای شتیکە ئاماژە بۆ شتیکی تر دەکات واتا هێما واتایەکی تر هەلدەگریت رەمز لە دەوری چیرۆک میژویەکی دێرین هەیە جەندین هێما و سیمولی جوانی بەکار هێناوەیبۆ نمونە گەلی کوردیشی مومارەسەی بەکارهێنانی هێمای کردوە لە چیرۆکەکان بۆ ئەوەی گەشاوەتری بکات بەرای مامۆستا حسێن عارەف ((بەکارهێنانی هێما لە چیرۆکیدا پاشی سالانەی 1970 بەدواوە زۆر ئاشکرادا دیارە، وەکو بەشیک لە تەوژمی نویخوازی هاتە نیوان جیهانی ئەدەبی کوردیەوە ، بی ئەوەی کە ئەویشمان لە بیر بچێت کە پێش 1970 رەمز بەکارهاتووە لە چیرۆکی کوردیدا ، بەلام بە شیوەیەکی سادە و ساکار))(خۆشناو :2015: 28-29) هەروەها(جبور عبدولنور)دەلی ((هێما هەموو رەمز یان نیشانەیەکی هەستپێکراوە کە شتێکی لەبەر چاو نەبوو بخاتە روو))(خۆشناو:2015: 31) ئاشکرایە کە لە ناو هەر میللەتیک و ئاینیدا کۆمەلە هیمایەک هەیە کە بەستراوەتەوە بە رووداویک یان بە واتایەک وە ئەگەر بمانەویت هێمایەکی کۆن تیبگەنی دەبێت هیمایەکە بەگەرێنیتەوە نیوان سەردەم و مێژووەکەی خۆی ، ئەمەش دەمانگەینیت بە مەبەستیکی خۆمان کە زانینی ئەو واتای بێ کە هێمایەک لە خۆی گەرتووە هەروەها شاعیری (هیمن سەید مەحمەد ئەمین) لە هۆنراوەی سیاقنامەی (نالەی جودایی)بابەتەکانی لە ریگای هێما خستوتە

روو راستەوخۆ لە هەولی بەرجەستەکردنی واتا و جەمک وینەکیشان بە تابلۆ کردنی مەبەستەوە دەبیت یان ئەوەتا وێنەکان بەشیوەیەکی ناراستەوخۆ پێشکەشدەکرێت بە هۆیی لادان لە شیوازی زمانی ئاسایی،پەنابردن بۆ زمانی (ئیما-هێما)خوازەر مجاز و لێکجواندەنەوە))(محەمەد 2009: 17)هەروەها هێما لە فەرهەنگی (لیسان الحرب)دا هاتووە دەلێت ((هێما جولەیەکی بیدەنگی زمانە لە وێنەی چپە بە بزوانی لێو بی بێ هیچ دەنگێک دەێن هێما ئاماژەیەک لە ریی لیو و چاو و برۆ و دەمەوە))(الافریقی 1997: 356)دەلێت هێما مەبەستی دەربرین و بەرجەستەکردنی ئەوەشتانەیە کە لە ناخی مرۆڤدا پەنگی خواردۆتەوە بە زمانی ئاسایی ناتوانی تەعبیری لێ بکەین لە رێگای هێماکردن بە شتێک دەریان دەبرین. لە روانگەی (بۆدلێرەوە) دونیا ((بیێشەکی لیوان لێوای هیما و ئاماژەیە حەقیقەت لە خەلکی ئاسای شاراوە و پەنهانە تەنها شاعیر بەزەبری ئەو ئیدارکەی کە هەیەتی . لە رێگای تەفسیر و راڤە و شرۆڤەی ئەو هێماو و ئاماژەنە هەستی پیدەکات))(حسەینی 2006: 156-157)هەروەها د.ئازاد ئەحمەد مەحمود بەم جۆرە باسی هێما دەکات و دەلێت ((هێما تایبەت مەندیەکی پیکهاتەی هەیە،ئەو کات دەبیتە هێما و سیما و خەسلەتە هیماکان هەلدەگرین ، کە لەگەل خودی خۆیدا دابریک بیتە ئاراوە . ئەم دابڕینە بۆ ئەوەیە کە لە تویژینەوە وەک هێما بونیات بنرێت دوولایەن لە خۆ دەگریت ئاستی (دال) بەلرەو ئاستی (مەولول) بچێت ، بۆ ئەوەی رەمزێک دروست بکات لەخودی رەمزەکە جیاواز بیت))(مەحمود 2009: 193-194) هێما لە کۆمەلەیەکەوە بۆ کۆمەلەیەکی تر یان لە نەوەیەک بۆ نەوەیەکی تر دەگۆرین بەپێیی ئەو واتای دەدریتتە پالی دەگۆریت هەروەها (محمد مەعروف فەتاح) دەلێت ((هیما لەی زۆربەی زمانەوانەکان بربیتیە لەو نیشانانەی بۆ یەکتر گەیشتن یان وەک چەکیکی بیرکردنەوە بەکاریان دەینی))(فەتاح 2011: 49) هەروەها دەلێت ((ئەوەی نیشانەو هێما لە یەکیان جیا دەکاتەوە ئەوەی کە هەموو هیمایەک نیشانەیە بەلام هەموو نیشانەیەک هێما نییە، تەنها ئەو نیشانانە هیمان کە بۆ لە یەکتر گەیشتن یان تیگەیاندنی بەکاردێن و رەوشتی و دابونەریتی کۆمەلایەتی چەسپاندوونی

یان بریاری کومەلیان لەسەرە))(فەتاح2011: 49) دیارە ئەم پیناسەش جەخت لەوە دەکاتەوە کە کۆمەلە یان مرۆڤ ئەم هیما و رەمزانەدادەنیت . دانانی هیماش پەیوەندی بە کۆمەل و رێکەوتنی کۆمەلی لەسەرە. هەروەها (فەرهاد پێرپال)لە بارەی هێماوە دەلێن((هێما لە دنیایەکی شاراوە یان بیرۆکەیەک کە هونەرمەند بۆ قولترکردنەوەی و جوانکردنی بەرهەمەکانی شاردوویەتیەوە، کلیلی کردنەوەشی تەنها لەی خۆیەتی))(خۆشناو 2015: 32) ناوەرۆکی ئەم پێناسە (د.فەرهاد) ئاماژەیەوە دەکات کە دەرهێنانی مەبەستی هێماکان دەکەوێتە ئەستۆی خوینەر دەرهێنانی مەبەستی هێماکانیش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر ، هەروەها لە کۆمەلگایەکەوە بۆ کۆمەلگایەکی تر، دەگۆرێت پەیوەستە بەرادەی مەعریفەکییان (پێرس) پێ وایە (( هێما نیشانەیە ئاماژە بە بابەتێک دەکات کە لە رێگای کەلتورەوە گوزارشت لێ دەکات، بۆیە هێما شتێکی کەلتوریە ، یان گشتیە، واتا نیشانەیەکی کەلتورییە))(رەئوف 2016: 245) هەروەها پێیی وایە ((هێما بەو پێیە نیشانەیە ئاماژە بە شتێک دەکات ، کە لە رێگەی رێککەوتنەوە گوزارشتی لێ دەکرێ))(رەئوف2016: 245)لێردا مەبەستی هێما لای (پێرس) هێما ئاماژە بۆ شتێک دەکەت ، کە رێکەوتنی کۆمەلی لە سەر بێ . هەروەها (د.فەرهاد نازر زادەی کرمانی) لە کتێبی (هێماگەری ئەدەبیاتی شانۆ ) دەلێت: ((هێما تەنها ئاماژەیەک نیە بۆ ناو سیفاتیک، بەلکو دەسەلاتەیەکی نادیارە بە بەخشینی مانایی جۆرا و جۆر، هەروەها پانتای کێش بۆ بەرهمهێنانی دەسەلات، بۆ نمونە شەر هێمایکە بۆ وێرانکاری و خوین و مەرگ، هەروەها هێمایەکێشە بۆ ئازایەتی و جوامێری، بەهەمان شیوە هێماکیشە بۆ دەسەلات، بە دێریکی دیکەدا، واتا هێما پێکهاتەیەکی کاریگەر و وزە بەخشی نا ئاگایی مرۆڤەکانەوە بە ئاراستەیەکی نا دیاریکرودا دەرواو گەردوونیەکی شوشەییە و وێنەکان تیایدا پێجەوانەو چەند جار دووبار دەبنەوە))(حسێن 2022: 17) ئەم بۆ جونی (د.کرمانجی) ئاماژەی بونی دەسەلاتیکی نادیار دەکاتەوە بۆ پێدانی مانای جۆراو جۆر هاو کات مەبەستێتی بلێت هێما دەسەلاتەیکی تری کاریگەری مرۆڤە کە وێنەو وشەکان و وێنەو وشەی تری لی

دەبێتەوە. هەروەها (د.جەمیل صەلیبا) لە کتێبی (فەرهەنگی فەلسەفی) نوسیویەتی (( هیما شتیک ، ئاماژە بۆ شتێکی تر دەکات و دوو جۆرە. هێمایەکی هەستەکی ، کە دەرخەری شتیکی هەستەکی تر ، وەک هێمای ژمارەکان بۆ شتەکان یان هێمایەکی هەستەکی، کە دەرخەری بابەتێکی مەعنەوییە ، وەک ریوی هێمای فێڵ و تەڵەکە بازییە و سەگیش هێمای وەفیە))(حسێن 2022: 8)ئەم هیمای پیناسەیەی (د.حلیبا) گشتگیرترین پێناسەی هێمایە کەشتێکە (هێما) ئاماژە بۆ شتیکی تر (هیما بۆکراو) دەکات. یان هەردوولای هەستین یاخود یەکەم هەستییە دووەم مەعنەوییە.لەم پیناسان ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە شاعیر یاخود نوسەر کە هیما بەکاردێنی نایەنەوێ مەبەستەکانیان. بە شێوەیەکی راستەوخۆ دەرببرن بەلکو لەرێگای هێماوە دەری دەبڕن جاچ بە مەبەستی جوانکردن بێت یان هەر مەبەستێکی تری هەبێت لەبەکر هینانی. بەگشتی هێما لای گەلانی دنیا جێگەی بایەخ و قسەلەسەرکردن بوە لەسەرتا لە جیاتی ئاخەوتن بەکارهاتوە هەر شتیک گوزارشت بۆ شتێکی جیا لە خۆیی بکات هێمایە، واتە شتێک کە بیری مرۆڤ بۆ شتێکی جیا لە خۆی رابکێشی هیما بەندە بە پێکهاتنی و رێکەوتنی کۆمەڵ بە بڕیاری کۆمەل دێتەکایەوە واتا دەبێتە کۆمەڵ لە نیوان رێکەوتن بۆ ناو نانی ئەو شتە بەو هێمایە، لە میژە لە ژیانی مرۆڤ ئامادەیی هەیە و ریشەیەکی دیرینی هەیە لە نێو میلەتاندا، مرۆڤ زیاتر لە گیاندارانی تر بە هۆیی زمانەوە توانی دروستکردنی هێمایی زۆری هەیە. لە زۆربەی ئەو پیناسە و بیرورایانی بۆ هیما خستمانەروو دەتوانین بلێن خالی هاوبەشی و جیاواز لەنیوان بیروراکان هەیە، هەروەها خوێنەریش رۆلێکی سەرکی هەیە لە لێکدانەوە و دۆزینەوەی هێماکان بۆیە خوێنەری ئاسایی تەنها لایەنە دیار و ئاشکرایەک دەبینیت و دیوە شاراوەک نابینێت کەچی خوینەرە رۆشنبیرەکە دیوە شاراوەکەی شعرەک دەبینێت بۆیە لایکدانەوەی هێما لای خوینەران جیاوازە بە پێی ئاستی رۆشنبیری هەریەکیان تیدەگەن و لێکی دەدەنەوە

### 2-1 جۆرەکانی هێما:

بەپیی ئەو پۆلینەی ئەرستو کردویێتی هێمای دابەش کردوو بۆ سی ئاستی سەرکی ((یەکەم رەمزی تیوری یان لۆژیکی کە بەهۆی پەیوەندی رەمزیەوە بەرەو زانست دەروات. دووەم رەمزی پراکتیکی کە بەواتای کردار دێت رەمزی شعری یان ئیستاتیکی کە واتای حالەتەکانی دەروونی و هەلویستێکی عاتیفی و ویژدانی دین ))(مستەفا 2009: 165–166) بەلام بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بلین کە دیارترین جۆرەکانی هێما وەک لە سەرچاوەکاندا ئاماژەیان بۆ کراوە بریتینە لە:

1-2-1 هێمای مێژوویی

2-2-1 هێمای ئاینی

3-2-1 هێمای نەتەوەیی

4-2-1 هێمای ئەفسانەیی

(حسێن 2022: 135)

### 1-2-1 هێمای مێژوویی

مێژوو سەرچاوەیەکی گرینگەو کەسەیەتیە مێژویەکان و رووداوە مێژوویەکان گرینگن بۆ شاعیران ، هەتاکو . هێمای شعرەکانیانن پێدەولەمەنت بکەن . مێژوو گرینگیەکی زۆری هەیە بۆ ئەوەی شاعیران سودی لی وەربگرن جونکە مێژوو بەردەوام خۆی دووبار دەکاتەوە ((ئەو هێمایەی کە رووداو مێژویەکان وەردەگرن جا چ ناوی کەسی

بن، یان ناوی شار و دێهات ، یان ناوی ڕووداویکی دیاریکراو وەک پێمان نامە سیاسیەکان، بۆ نموونە (قەلای دم دم) هێمای خۆراگری لای کورد))(ئیبراهیم 2012: 128) هەروەها (( میژوو سەرچاوەیەکی گرینگ و پەریەتی لە ڕووداوو کارەساتی هەمەجۆر، شاعیر پەنادەبات بەر هێمای میژوی، لەلایەک ئەزمونی خۆی پێدەولەمەنت دەکات، لەلایەکی تر کەسەیاتی میژویەکان وەک دەمامکێک وەردەگری، بۆ ئەوەی گوزارشتی لە هەلویستی شاعیرەکە بکات، یاخود کەم و کورتیەکانی جەرخی نوی پێ بەدەربخات ))(فەرمان 2022: 56) هەروەکو (پیرەمێرد)ی شاعیلر لە کۆیلیەک لە شعری(صەلای صەلاح) دا دەلێت:

دیسان واکۆستی نویمان کەوتەوە

گەری گەردوون کوردی گرتەوە

ئەم دوو دار تەرمە دوو نەرە شێرە

زەنجیریان پچراندگەیینە ێرە

لەری ئێمەدا گیانیان فیدا کرد

ناوی بلندیان وا بۆ خۆیان برد (مستەفا 2009: 184)

لەم شیعردا شاعیر ((ئەم دوو دار تەرمە دوو نەری شێرە)) مەبەستی لە شهیدان (مستەفا خۆشناو و محمد قودسی)ی کە بەدەستی رژێمی پاتشایەتی لە عێراق لە 1947/6/19 شهید کران، پیرمێرد وەک هیمای قوربانیدان و گیان فیداکردن بەکاری هیناوە)) (مستەفا 2009: 184)

## 2-2-1 هێمای ئاینی

ئاین فراوانترین بوار کە لەبیری شاعیراند باخیکی گرینگی پێدرابی بەتایبەتی بۆ شاعیری کورد بابەتیکی پیویستی و کارگەر بو ، هەر لە شعری کلاسیکدا تا ئیستا ئاین بالە ترین پای و شوینی پێبخشراوە ، بەهۆی پێوەست بونی بە دەسەلاتیکی بەرز، ئەو هەموو قودسیتی تێدا بەدی دەکرێت، شاعیرانی کلاسیکی بە پلەی یەکەم سودیان لە ئاین و هێما وەگرتو ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ پەروەردە بونیانن لە نیو ژینگەیەکی ئاینیدا، لەبەر ئەوەی ((پێکهاتی بەشی زۆریان لەسەر بنمای ئاین بوە هەر ئەمەشی وایکردووە کەهەندیکیان ریبازی سۆفیزمیان بگرنە بەروو بەشیوەیکی رەها تیدا قولابەبنەوە))(حەویز2010: 180) هەروەها ((شاعیرانی هاو چەرخیش هێمای ئاینیان بەکار هیناوە بەلم ئەوان لە بەکارهێنانی هێما بە عەقلیەتی ئاینی بیرناکەنەوە ئەمەشی تاقیکردنەوەی سۆفیستی و تاقیکردنەوەی شعری دەردەخات هەرجەند هەردووکیان لە دیارەی رادەمینن بە دوایی دۆزینەوەی دان))(حەویز 2010: 185) واتا شاعیرانی هاوچەرخ وەک شاعیرانی کلاسیکی بیرناکاتەوە برۆنە ناو ئاینەوە. بەلکو ئەوان تەنها بۆ دەربرینی مەبەستیکی خۆیان ئەم هێما ئاینیانن بەکاردەهینین، هێما پەیوەنیەکی بەتینی بە ئاین و بیر و باوەری ئاینیەوە هەیە شاعیران بەشیوەیەکی نوی و جیاواز لە شاعیرانی کۆن مامەلەی لەگەلدا دەکەن وەک ئاینە ئاسمانیەکان و کتیبە بیرۆزەکانیانن وەک (قورئان و ئینجیل و هتد..) و ژیانی پێغەمبەران و موعجیزەکانیان و شوینە پیرۆزوکانیان وەک (مزگەوت و پرزگا...هتد) (لاتیف هەلمەت) لە شعیری (دوولاوەک) دەلیت:

داریکیان کرد بە خۆلە میشی

شعری هەموو شاعیریکی دلسۆزیان

زەردەشتی ، بوزا

ئیبراهیم ، موسا

محەمەد،عیسا

بە خۆراگریان

نامەیەکی رق و توریان مۆرکرد

بۆ نەتەوە یەکگرتوەکان (حەمەد2002: 183) لەم شعردا شاعیر ((زیندوکردنەوەی ئەو پیغەمبەرانی دەلەلاتی دەرخستنی ئەو پەری نارەزایە بەرامبەر بەکارە دزیوەکانی رژیمی دیکتاتۆری عیراق و زۆرداران ، هەلبژاردنی ئەم پێغەمبەر جیا جیان بۆ ئەوەی کەشیکی دیموکراسیانە لە ئەنجامی مۆرکردنەکەدا دروست بکات هینانەوەی (دار) وەک رەمزیک بۆ بەرهەم لە پال شعردا کە ئەمەش پەیامیکی مرۆڤایەتی دەنوینیت)) (حەمەد2002: 183)

### 3-2-1 هێمای نەتەوەیی

نەتەوە بریتیە لە کۆمەلە کەسانیک کە لەسەر پارچە خاکیکی دیاریکراو دەژین و زمان و میژوو و ئاین و کەلتور و چەندها ئامانج و بەرژەوەندی گەشتی و هاوبەشی رۆلەکانی نەتەوە، بەیەکەوە دەبەستیتەوە ئەمەش وایکردوو هەر لە کۆنەوە تاکەکانی هەر نەتەوەیەک شانازی بە نەتەوەکەیان بکەنەو لە پێناویدا لە خەباتی بیوچاندابن و گیانی خۆیان بەخەت بکەن یان ئەم هەست و سوز و خۆشەویستی و قوربانیدان بەبیت سەرچاوەی ستایش و بیاهەلادان و هاتنە کای هێمای نەتەوەی و لە بەرهەمی شاعیران و نوسەراند رەنگبداتەوە. بۆی دەتوانینن بلین ((رەمزەکانی شاعیری نەتەوەی یان رەمزی نەتەوەی لە نیوان نیو کەسایەتی نەتەوەی، وە شوین و رودوەکانی نەتەوەی ، دەخولێتەوە))(حسین2022: 135) شیرکۆ بیکەس لە شعیری (دەربەندی پەپولە) لەباری نەتەوەی کورد وەک نەتەوەیەکی تاک و تەنیا دەلێت:

کورد و خوا لێک ئەچن

هەردووکیان بی شەریک و بی کەسن!

ئەمەش قسەی هەلکولدراوی

سەر دیواری مەزگەوتیک بو

لیردا مەبەستی شاعیر(( لەم پارچ شعردا لە هێنانەوە جواندەنی کورد و خودا بە یەکتری هێۆمایەکی ئاشکرا و وتراوی تایبەتمەندیەکی نەتەوەی کورد کە تاک و تەنیای و بێکەسی، کورد وەکو نەتەوەیەک کە بەتنها ماوەتەوە و خۆ خاوەنی دەولەت نیە، هەلبەت لیردا شیرکۆ بێکەس بە مەبەستی خودا کوردی هێناوەتەوە ))(حوسین2022: 139)

## 4-2-1 هیمای ئەفسانەیی

ئەفسانە بیرو باوەری مرۆڤو کۆمەلگا سەرتاییەکانمان بۆ وێنە دەکات تێدا ویستویتی راڤەی ئەو کاتی خۆ پێبکات ئەندازای تیگەیشتنی مرۆڤ بۆ گەردوون ئەفسان بنچینەیەکی کۆنی هەیە بۆتە مولکی سەرجەم مرۆڤەکان هەرنەتەوەیەکیش بە پێ سەردەم و بۆچونی خوی و گۆرانکاریەکان کۆمەلەک شتی دەخەن سەر دواتریش دەیگەرینەوە بۆ نموونە رەسەنەکەی. هێما و ئەفسانە پەیوەندیەکی پتەویان بە یەکترەوە هەیە، لە ناو شعردا هەستی پی دەکریت جونکە ((ئەگەر ئەفسانە بەرهەمی خەیالی مرۆڤ بی ، ئەوە لە شعردا خەیال رەگەزیکی سەرکی و شاعیر بە هۆی خەیالەوە داهینان و دەست رەنگینی و لیهاتووی خۆی دەردەخات))(فەرمان 2022: 55) زۆربەی لیکۆلەران لەگەل ئەوەدان کە هێما و ئەفسانە پەیوەندیکی بنجینەین بەیکەوە هەیە ئەم پەیوەندی بەشی مێژویکی دیرینی هەیە کە لەسەرتای پیدابونی ئەفسانە دروست بوە، جونکە زۆربەی ئەفسانەکان سروشتی هێماین هەیە. هەر وەکو شاعیر(ئحسان فوئاد) لە خستنەرووی پرسیارە روانبیژیەکاندا دەلی.

(برۆ میسیۆس) بۆچی دیسان

هەلواسرا؟

جەرگی بۆ دیاری کەلبەیە؟

ئاگری بۆ نەورۆز دزی؟ (حەمەد2002: 165)

لەم شیعردا شاعیر ((برۆ میسیۆس )ی بەکار هێناوە وەکو هیمای چەوسانەوەی نەتەوەی کورد شاعیر سودی لەم ئەفسانیە وەرگرتوە و تایبەتمەندییەکی پی بەخشیوە کە خستوویەتیە نیو قالبی گەورترین بۆنەی نەتەوەکەی واتە (برو میسیۆس) هیمای بۆ هەر فیداکاری ویاخی بوو پیشمەرگەیەکی کورد، کە لە پێناو گەیشتن بۆ نەورۆزی سەربەخۆی گیانی بەخەتکردوە))(حەمەد 2022: 165)

### 3-1 ئەرک و گرینگی هێما

شاعیران بە شیوەیەکی بەرفراوان هێمای لە شعرەکانیان بەکارهێناوە تەنانەت دەتوانین بلێین هیچ شعرەک نیە هێمایی بۆ بەکارنەهاتبی جا یۆیە هەر شاعیرێکبەپێی پێویستیخۆی هێمای لە شعرەکانی خۆی بەکار هێناوە لە ریگەی بەکار هێنانی هیما هەولینداوە مەبەستەکانی خۆیان بگەینن. هەروها بەکارهێنانی هێما لە شعریک بۆ شعریکی تر جیاوازە لەبەر ئەوە شاعیر هەیە لە شعرەکانی زیاتر هێمای مێژووی بەکارهێناوە هەیە زیاتر هێمای ئەفسانەی بەکارهێناوە.....هتد. ئەرک و گرینگی هێما هەر زوو لە ئەدەبیاتی جیهاندا ریشی داکوتاوە هێما لەو کاتەوە سەری هەلدا، کە مرۆڤ لە شیوەی پەرستنی پیرۆزکردنی دیاردە سروشتیەکانی وەک با و بران و درەخت و گیا و ئاژال و خواوەندکان پرۆسەی هێما ساسی کرد بە بەشێک لە سروشتی رۆژانی ژیانی ئەفسانەی و ئاین و پاشان ئەدەبی و زمانەوانی خۆی ، دەرباری گرینگی هێما لە ئەدەبیدا ، شاعیر و نوسەری مەزنی ئەلمانی (گۆتە) یەکەم کەس بو ریگای ئەدەبی مودیرین ((باسی هێمای کردوە بە ئاویتە بونی خودی و بابەتی لە شعیردا لە قەلام داوە))(حسین2022: 15) هەموو کاریکی ئەدەبی کۆمەلە هێمایەکی تیدای بەلام تا هیماکان زۆرترین ئەوند زیاتر زمانی دەقەکە بەرەو زمانی شعر دەروات شاعیر هێما بەکاردینی یان بۆ مەبەستی جوانکردنی شعرەکەی ، یانیش هێما بەکاردەهێنێت بۆ شاردنەوەی بیرورواوەکانی یان حەز و ئارەزوەکانیانن بۆ ئەوەی بە ئاسانی نەکەونە بەر چاو ئەمەش چ بە هۆی ترسی سیاسی ، یان ترسی کۆمەلایەتی، یان کەلتوری و ئاینی یان لەبەر نەمانی ئەو گرینگی کە لە بیرۆکەکاندا هەیە ئەگەر ئاشکرا بی گرینگیان نامێنی هەموو شعریک هێمای تیدایە هەروەک (لویس ئاورێک) دەلیت ((هیچ شعریک نیە کە تۆزیک هیمای تیدا نەبێت )) (حسین2022: 15)

شاعیر هێما لە ئەدەبیدا بەکار دەهێنێت بۆ ئەوەی مەبەستەکانی خۆی بشارێتەوە لەبەر ئەو هۆیانی کە باسمان کرد، بۆی ((هیما زەمینە بۆ شاعیر خۆش دەکات وەک

دەمامکیک بەکار بینیت بۆ مەبەست و تیروانینەکانی خۆی لەبەر هەر هۆیەک بیت ناتوانیت بە سەربەستی و بە ئاشکرا دەریانبریت )) (حەمەد2002: 180)ئەرک و گرینگی هیما لە ئەدەبیدا ((ئاماژەکردن بە وەشیەک کە واتای شتیکی هەستی یان ژیری دەگەینیت و بۆ بنەمایەکی دیاری نەکراو جیاواز بە پیَ خەیالی نوسەر بەکاردیت خوینەرانیش جیاوازن لە تیَگەیشتن و هەست پیَکردنی مەوداکەی بە گویری ئاستی رۆشنبیر و هەستی ناسکیان، هەندیکیان لایەنیک دەبین هەدنکی تر لایەنیکی تر دەبینیت))(مستەفا2009: 165) لیَردا مەبەستی نوسەر لەودایە کە وەشەیەک بەکار دەهیَنیت بۆ مەبەستیکی دیاریکراو بە پی خەیالی ، خوینەرانیشی بە پی ئاستی رۆشنبیرین لیکدانەوە بۆ وشەکە دەکەن هەندیکیان ئاماژە بۆ لایەنیک دەکەن هەندیکی تر ئاماژە بۆلایەنیکی تر دەکەن بە پی ئاستی رۆشنبیریان گرینگی هیَما لە ئەدەبدا هەر بۆ چرکردنەوەی بیرو باوەرو بیریکی فراوان بەکاردیت کە ئەمەش ئەرکی راستەقینەن و سەرکی شعر. لە شعردا شاعیرن زۆر گرینگیان بە هیَماداوە لە شعرەکانیانن زۆر پشتیان بە هیَما بەستوە بۆ شاردنەوەی بیروراکانیان ((چری بەکارهیَنانی دەگەریتەوە بۆ دوای شەری دووەمی جیهانی))(محمود2009: 189) ئەدەبی کوردیش لە دیاردەی بەکارهیَنانی هیَما پیَ بەشی نەبووە لەشعیرەکانیان بەکاریان هیَناوە لە ئەدەبی نوی بە گشتی و ئەدەبی هاوچرخ زیاتر بەکار هاتووە ((ئەو زەمینەیە بە دریژای قۆناغەکان و لە ئاکامی نەبونی سەربەستی دەربرین دروست بوە لە ریگای ناراستەوخۆی لیلی کردە ریگایەکای بەردەوامی شیوازی نوسین))(محمود2009: 189)لیردا مەبەستی نوسەر لەودای کە شاعیر لەو سەردەمان بەشیوەیەکی سەربەخۆ نەیان توانیوە بیروراکانیان دەرببرن بۆی پەنایانن بۆ بەکارهینانی هیما بردوو بۆ  ئەوەی بیروڕکانیان بە شیوەکی نا راستەوخۆ گوزارشتی لیوە بکات.

## بەشی دووەم جۆرەکانی هیما لە شعرەکانی (سەباح رەنجدر)

سەباح رەنجدەر یەکێکە لە کەس دیارەکانی نیو جیهانی شعری کوردی٠ شاعیر هەولی داوە ئەرکی تەواوی شعری جێ بە جی بکات وشەی کەم و چر بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی زۆرترین مانا بە دەستەوە بدات. هەروەکو و دیار شعر ئامانج، شاعیر هەولدەدات بۆ گەیشتن بەو ئامانج کورترین رێگا بەدۆزێتەوە'ئەویش کورتبری، شاعیر لە ریچکەی شعرییەکەیدا جەندین تایبەتمەندی هەیە لەوانە بەکارهینانی ژمارە و یاریکردن بە وشەکان شاعیر  هێمای لە شعرەکانی بەکارهێناوە بە شێوازیکی نوی مامەلەی لەگەلدا کردوون بەرهەم شعریەکانی خۆی پێ دەولەمەند کردوو' زۆرجاریش شاعیر بۆ جولانی مێشکی خوینەر و خشتەکاری بۆ دۆزینەوەی تارادیک واتای پێچەوانی بە هێماکان بەخشیووە و ئەو مەبەستی هەی بوە لە رێگای هێماکان گەیاندویتە شوینی مەبەست  وشە وە دەربرینەکانی پێ دەولەمەند کردوو بەمەش خویندنەوە و لێکدانەوەی زۆر لە خۆ دەگرن .شاعیر لە شعرەکانی هێمای بەکارهێناوە لێردا چەند جۆرێک دەخینە روو.

1-2-**هێمای مێژوویی** :رەنگدانەوەی میژوو لە شعرەکانی (سەباح رەنجدەر)بەدی دەکرێت  وە شاعیر بە شیوەیەکی جیاواز مامەلە لەگەل میژو دەکات لە شعری (مەولەنی)دەلیت.

ئاوێنە دەموو چاو بە دیکتاتۆر دەزانێت

داگیری دەکات

ئەرێ لە رووی ئاوێنەدا دەتوانم

ئەو تەشتە مسەی دایکم بە مندالی لە ناوی دەی شوشتم

پڕ ئاوی بکەم

بەلەمێکی باغەشی فڕیێ بدەمە ناوی

پاشماوەی شیرینی نەستلەی قووت دا

ئاوێنە تیشکی کۆکەرەوەی ناو چەوان ی

کە هەمیشە بە فڕینی ماسی گرە

چاوی مەستانە هەلدەخات (رەنجدەر:2018: 38)

لێردا شاعیر لە شعری (مەلەوانی)دا وشەی (دیکتاتۆری) بەکارهێناوە کە بە واتای دەسەلاتێکی ئیجگارە زۆرەوە ئیداری ولاتی بە دەستەوەی بۆی لەلایەن رۆمە کۆنەکانەوە کە ئەمەش مێژویکی دیرینی هەیە و دەگەرێتەوە بۆ سەردەم کۆنەکان.

2-2-**هێمای ئاینی**:شاعیری سودی لە ئاین وەرگرتوە وەکو هێما لە شعرەکانی بەرجەستی کردوو وەک لە شعری (ئاسمانیەکانی خود)دا دەلێت.

دوای کەوتنی کۆلەرەکەم

زۆرم خوو دایە تەمشاکردنی

ئادەم و

نوەح و

بزماری ناو دەستی مەسیح و

ئاوی زیندوو بونەوەی

دەکرێ ئادەم و نوح و مەسیح و ئاوی زیندوو بونەوەیینە رەجەلەک ودایکم و باوکم

خودا لەو جێگرەوە خەبەردراوو رازییە

روخساری ناسکی هەموو دلێک دەگەینیتە دلخۆشی  لەکاتی بەربەیان یان کەو دوایی خویندن .

کە لە ترۆیک بە نازر فیزەوە دیتەخوارەوو ( رەنجدەر:2018: 388)

شاعیر (ئادەم و نوح و ئاینی مەسیح) دەکات هێمایەک بۆ زیندیەبونەوە بۆ دایک و باوک لێردا شاعیر هێمای ئاینی بەکارهێناوە بۆ ئەوەی بۆ چوەنی خۆی

پێ دەربرێت بە هێنانی ناوی (پێغەمبەران)لە شعرەکەی' هەروەها لە شعری(زێوان)دەلێت

گۆرانیم ئاوێنەیەکە وەک بەیانیانی بەهار  روون

پێغەمبەر دەم و چاوی لە کاتی سروشت وەرگرتن تێدا دەگەشیتەوە

نالی دەموچاوەی لە کاتی بیرکردنەوە لە شارە زۆر تیدا دەگەشیتەوە

(رەنجدەر.2018. 9)

لێردا شاعیر (پێغەمبەری)وەکو هێمایەک بەکارهێناوە لە کاتی سروش وەرگرتن دەموچاوەی دەگەشایەوە (نالیش) بە هەمان شیوە لە کاتی بیرکردنەوە لە کاتی شارەزوور دەگەشایەوە .شاعیر پێغەمبەری وەک هێمایەکی ئاینی بەکارهێناوە'شاعیر لێردا هەستی نالی شاعیر لە کاتی بیرکردنەوەی شارەکەی بەهەمان ئەو خۆشیە دەگەشایەوە کە پێغەمبەر سروشی بۆهات دەگەشایەوە دەم و چاوی.

**٢-٣-هێمای نەتەوەیی**

شاعیر لە شعیرەکانی هیمای نەتەوەی بەکارهێناوە ئەمەش وای کردوو هەر لە کۆنەوە تاکەکانی هەر نەتەویەک 'شانازەی بە نەتەوەکانیانن بکەن لە پێناویدا لە خەباتی پیەوچان دابن و گیانی خۆیان بەخەت بکەن 'یان ئەو هەست و سۆز و خۆشەویستی و قوربانیدانە بەبێتە سەرچاوەی ستایش پیاهەلدان و هاتنەکایەی هێمای نەتەوەی لە بەرهەمی شاعیران و نوسەران رەنگی داوەتەوە.هەروەکو لێردا  شاعیر ئاماژە بە هێمایی نەتەوەی داوە لە شعری زیوان دەلێت

کوتەدایەک بە گوی کووتەدایەکی چرپاند

ئارمی ولات  لە چ قومشێک چاپ بکەین

قاچم تێکئالاوە

نەخشە بەدەست لەر زۆکەکانم لە دیوارەکانی شاری  خاندانانن و بەریکی هەلناواسرین

باز رەوشتی ئاسمانی هەیە

فرۆکەش عەردی

لە ژووری زیوانی خۆمدا گۆرەپانیکی گشتیم چۆل و قەربالغ  بۆن بە رێگاوە بکەم

دەگەمە ئەسپێکی وەفادار وتا ژییەکی وشیار

دەستەکانیانن لە پێشوازیدا هەلێناوە (رەنجدەر.2018 ، 9)

لەم پارچ شعردا شاعیر ئاماژە بە گەلێک هێمایینەتەوەی داوە،وەک(ئارمی ولات و نەخشە) لێردا شاعیر ئارامی وەلاتی وەک هێمایەکی نەتەوەی بەکارهێناوە، بۆ گوزارشت کردن لە بیروراکانی خۆی هەروەها نەخشەشی بەکارهێناوە وەک هێمایەکی

نەتەوەی کە باس لە نەخشەی نەتەوەیەک دەکات لێردا شاعیر ئاماژە بەوە دەکات کە ناتوانێت

بە دەستە لە لەرزۆکەکانی ناتوانێت نەخشەی دیواری خانەدانەکان هەڵواسێت

شاعیر سەباح ڕەنجدەر لە شعری زیواندا دەڵێت

سروشت هەموو شتێکی ترساندوومی

لرفەی ئاگرت

بڵندایی چیات

کەفی ڕووبارت

دەشتایی ڕووتت

پەنجەم لە چاوەڕوانی دووانە هاتوو یان گیان پێ نەماوت

(رەنجدەر:2018: 5)

لێرەدا شاعیر ئاماژەی بەوداوە کە چەندین هێمای نەتەوەی لەم پارچە شعرە دا دیاری کردووە

وەک ڕووبار و دەشت و چیا و ئاگر کە ئەمانە هەموو هێمای بۆ نەتەوە دەکەن شاعیر لە ڕێگای هێناناوەوەی ئەم هێمایانە ئاماژەی بە بوونی نەتەوەی کورد کردووە

کە هەمیشە خۆڕاگر و بەهێز بووە بەرامبەرداگیرکەرەکان.

## 4-2-هێمای ئەفسانەیی

شاعیر گرینگی بە ئەفسانەیی داوە.لە بەرهەمەکانی دا ئەفسانەی زیندوو کردۆتەوە شێوازێکی نوێی لە بەرجەستەکردنی ئەفسانە لە شیعرەکانی هێناوە.هەروەها لە شعری (گیانئاویزان) دا دەلێت

تا خەو نۆبەرەی بینینی شیر و بخووری ناوچەوان وەرداین

دەموچاوی بەروبومی ژین و کتێبی تاپوتی زیندوبونەوە

لەپەرو و بالی درەختی سالی مندا ئەم دیو و ئەو دیو سەرتا و کۆتاییە

هی منیش لە رووناکیبی ناو لێندراوی ئەودا نیشان

جریوە و کەمانجەی خۆرسکی سیمرخمان دۆزییەوو و بەدوایی دلدانە گەراین

لەو بیر هێنانە و بیر دانەدا بووم (رەنجدەر :2018: 425)

شاعیر (سیمر خی) وەک هێمایی ئەفسانەی بەکار هێناوە کە باڵندەیەکی ئەفسانەیە'کردەی خو داوەندی باڵندەیە.لێردا شاعیر ناوی (سیمرخی) هێناوە بۆ گوزارشتی لە بیر و ڕاکانی خۆی'شاعیر لە ڕێگای ئەو هێما ئەفسانەیەوە باسی لە سەرەتا تاکوو کۆتایی تەمەنی دەکات لێرەدا شاعیر درەختی بە هێمای خۆی دادەنێت کە شاعیر ئەو باڵندە ئەفسانەییەی(سیمرخی) بە دڵدانەوەی خۆی دادەنێت لە لە ڕێگای گوێی لێبوونی لە چریوە و کەمانچەی.

ئەنجام:

پاش تەواو بوونی تۆیژینەوەکەمان،بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشتین.

1. هێما رەگەزیکی گرینگی بنیاتی واتایی شعرە.
2. سەباح رەنجدەر گرینگیکی زۆری بە بەکارهێنانی هێما لە شعرەکانداوە،وەک ئامرازیک بۆ شیوازیکی تایبەت لە دەربریندا .
3. رەنجدەر زۆرینەی جۆرەکانی هێمای بەکارهێناوە بەلام ئیمە توانیمان چوار جۆری سەرکی لە شعرەکانیدا دەست نیشان بکەین کە بریتین لە (هێمای میژوویی، هێمای ئاینی، هێمای نەتەوەیی،هێمای ئەفسانەیی)

سەرچاوە:

کتیبەکان


1. ابن منظور الافریقی.لسان العرب المجلد خامص (1997)
2. ئازاد ئەحمد محمود.بونیاتی زمان لە شعری هاوچەرخی کودییدا (1985-2005)
3. ئاسو عومەر مستەفا:بەها ئیستاتکیەکانی شیعر لای پیرمیرد و شیخ نوری شیخ سالم و گوران. چاپی یەکەم (2009)
4. حەلادین سەجادی:نرخشناسی (1965)
5. رەزا سەید حسەینی:قوتابخانە ئەدەبیەکانی حەمەکەریم عرف :چاپی یەکەم 2006
6. سەباح رەنجدەر:دیوانی سەباح رەنجدەر بەرگی یەکەم 2018
سەباح رەنجدەر:دیوانی سەباح رەنجدەر بەرگی دووەم 2018
7. لوقمان رەئوف. دەقی شعری کوردی  لە روانگی سیمۆلۆژییەوە (1950-1975) کرمانجی خوارو و سلیمانی (2018)
8. محمد عبداللەکریم ابراهیم. پێکهاتەی زمانی شعری لە روانگی رەخنەی ئەدەبی نویوە (ئەزمونی شاعیرانی هەشتاییەکان وەک نموون) چاپی یەکەم هەولیر 2012
9. مەریوان حسین فەرمان.ئیستاتیکایی وینە رەمزیەکان لو کۆیە هەمی (بونب بەختەوەری)ی (محمد کۆردۆدا) (2022)
10.محمد مەحەوی:زانستی هێمای هێما،واتا و لێکدانەوە بەرگی یەکەم 2008 سلیمانی
11.محمد مەعروف فەتاح:زمانەوانی(2011)

12. نەریمان عەبدواللە خۆشناو . رەمز و مەغزا لە چیروکە کانی فەرهاد بیرپالدا.چاپی یەکەم هەولیر (2015)

نامەی دەکتۆرە

1. پەخشان سابیر حەمەد:رەمز لەشعری هاوچەرخی کوردی کرمانجی خوارو کوردستانی عیراق (1970-1991) سالی 2002 نامەی دەکتۆرە
2. سروشتی جەوهەر حەویز.تازەکردنەوە لە شعرەکانی (ئازاد دلزار)دا:2010
3. طالب محمداحمد:هێما لە چیروکی هونەری کوردیی کوردستان باشور (1961-1980)(2000)
4. هەژار فەقی سلێمان حسین:هیماگەری لە دەقە والاکانی شیرکو بیکەسدا. 2022

گۆڤارەکان

1. هێمن سەید محەمەد. بنیاتی ئاواز و شیواز لە ساقینامەی (نالەی جودایی) گۆڤاری زانکوی کۆیە ژمارەی 12 سالی (2009)[1]